مەسرور بارزانی لەگەڵ شاندێکی تایلەند پرسی هاریکاریی هاوبەش و هاوئاهەنگی تاوتوێ دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی تایلەند، پرسی هاریکاریی هاوبەش و هاوئاهەنگی و بەهێزکردنی پێیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تایلەندیان لە بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار و خوێندن و تەندروستی و بەدیجیتەکردن گفتوگۆ کرد.

ئەمڕۆ سەشەممە 29ـی نیسانی 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی تایلەندی بە سەرۆکایەتیی دوسیت ماناپان ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوە کرد.

لە دیدارەکەدا کە سوپارک پرەنگسورە، باڵیۆزی شانشینی تایلاند لە ئوردن و عێراق ئامادەی بوو، پەرەپێدانی پێیوەندیی دوولایەنە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا تاووتوێ کرا.

شاندەکە خواستی بڕودان بە هاریکاریی هاوبەش و هاوئاهەنگی و بەهێزکردنی پێیوەندییەکانی وەاتەکەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار و خوێندن تەندروستی و بەدیجیتەکردن دووپات کردەوە.